هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

Kurdistan Region - Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٧١٥٠ / ٩ / ٨ ڕێکەوت/ ١١ / ٢٧١٢ کوردی ڕێکەوت/ ١/ ٢/ ٢٠١٣

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)

بۆ / وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن / ب . گ . دیوان

ب/ داهات و سزا

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٩٨٢ لە ٢٠١٣/١/٢٩ بە مەبەستی دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی ماددە و بڕگەکانی تایبەت بە داهات و سزاکانی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی /٢٠١٢ یاسای ڕێگا گشتی یەکانی هەرێمی کوردستان .. تکایە بەم شێوەی خوارەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن ... لەگەڵ ڕێزدا .

یەکەم //

تۆمار کردنی بڕی داهات و سزاکانی هاتوو لە یاسای ناوبراو وەک داهات بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- بڕی ئەو پارەیەی کە (١٠٠٠) هەزار دینارە وەک کرێ لە بڕی کردەوەی کێشانی هەر بارهەڵگرێک لە وێستگەکانی کێش وەردەگیرێت .

٢- سەرجەم ئەو سزایانەی (الغرامات) کە لە دەرئەنجامی سزاکانەوە دەست دەکەوێت لە وێستگەکانی کێش و ڕێگا گشتی یەکان .

دووەم //

سەرجەم داهاتەکانی ئاماژە پێکراو لە هەردوو بڕگەی (١و٢) ی سەرەوە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بە هەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەپێ ی پسوڵەی (٣٧) وەردەگیرێت .

سێ یەم //

بڕی پارەی وەرگیراو بەپێ ی خاڵی یەکەمی سەرەوە بە (امانات) تۆمار دەکرێت لە لایەن ستافێکی حیسابی کە لا لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکانەوە دیاری دەکرێت و یەکەیەکی حیسابی سیستەمی نامەڵبەندی (النظام اللامركزي)پەیڕەو دەکەن بۆ ئەم مەبەستە .

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

٢٠١٣/٣/١٨ سهام

awller/ Beside Sami Abdulrahman Park
hone: ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤
Email: gd_finance@yahoo.com

چوارەم //

بڕی داهاتی وەرگیراو دوای تۆمارکردنی بە (امانات) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت : -

١- ڕێژەی (٢٥٪) ی داهات و سزاکان وەك پاداشت و هاندان مانگانە خەرج دەکرێت بۆ ئەو کارمەندانەی پەیوەندیدارن بە کارکردن لە وێستگەکانی کێش و ئەوانەش کە کاری سەپاندنی غەرامەکان جێ بەجێ دەکەن لە هەردو وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن و پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ و دابەش کردنی ئەو هاندانە بەپێ ی میکانیزمێك دەبێت لە لایەن هەردوو بەڕێزان وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن و وەزیری ناوخۆ دادەنرێت بۆ دیاری کردنی هەر پشکێك .

٢- ڕێژەی (٧٥٪)ی داهاتەکان کە لە ماددەی دەیەمی یاسای ناوبراو لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە بۆ چاککردنەوە و درێژە پێدان و دابین کردنی سەرجەم کەرەستە و پێداویستیەکان و کەرەستەی یەدەك تایبەت بە وێستگەکانی کێش خەرج دەکرێت .

٣- ڕێژەی (٧٥٪) ی سزاکان کە لەم یاسایەدا هاتووە لە حیسابێکی تایبەت دابنرێت کە بۆ ئەم مەبەستە دەکرێتەوە لە دەرئەنجامی سزاکانەوە کە وەك داهات دەست دەکەوێت بۆ چاکردنەوە و پاراستنی ڕێگاکان تەرخان دەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێکردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ ف - ك - کارگێری و دارایی... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە .. بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر / دهۆك / ١و٢و٣ ی / سلێمانی /ئاکرێ / سۆران / زاخۆ / کۆیە / گەرمیان / ڕاپەرین / چەمچەماڵ /بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە.
- خەرجییەکان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .